# به شوێن شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

## شیعرەهەجوی کۆمەڵێك هەجونووس

کەکرەی دیوەخان
ڕەسووڵ سوڵتانی
ئاغای دیوەخان
مەلا هەرمان و نیما بۆکانی

زۆر کەس لەخـۆوە و تەنیـا بە پشتبەسـتن بە روانگەیەکـی خێڵەکیـانە و نەریتیـانەوە دێـن و دەڵـێن، سـەردەمی هەجونووسـین بە شـێوازی شێخ رەزای تاڵەبانی بەسەر چـووە و کەس لێتـان قبووڵ ناکا و ناخوێنرێتەوە.

من تەنیا ئەوەندە دەڵێم: جەناب، ئەگەر راسـت دەفەرمووی، بـۆچی لەو چەنـد سـاڵەی رابـردوودا دیـوانەکەی شـێخ رەزا دەیـان جـار لە چـاپ دراونەتەوە کەچی لە بازاڕدا هەر دەست ناکەون؟

# شیعرەکانی کەکرەی دیوەخان

کەکرەی دیوەخان
رەسووڵ سوڵتانی
ئاغای دیوەخان
مەلا هەرمان و نیما بۆکانی

# جاش

جاشێ وەکوو کەر نەزەڕێ، جاش نیە

جووتە نەهاوێ بە تەغار، باش نیە

ناوی بەوەی رۆیوە چڵ و چەورەیە

جۆی دەوێ، ئیشتیای لە گەن و ماش نیە

گانی مەقەڕ خۆشترە بۆ وی دەڵێ؛

سەردەمی قوندانی لە کاولاش نیە

خۆی دەڵێ: "من دەسلەوەڕم، بێ زەڕم

بێ جل و بێ رەشمەم و ئەنواش نیە"

لاترە دەبا، گوایە تفاقی کەرەی

هەرزن و جۆیە، کەچی هەر کاش نیە

وەک گەنەیە، کێچ و سن و رەشکەیە

ژیوەپڕی لای سەم و سەمپاش نیە

بارە لە سەر لێوی گەلی دەردەدار

نیری وەها قەت لە ملی گاش نیە

وەک ملەیە، ریشە دەخوا زۆڵە کەر

مردنی هەرگیز بە مەڕە و تاش نیە

مردەوەژیشی بکەی ئەو جاشە هەر

چاری لە لای ی عیساش نیە

پشتی گەلێ گەرمە بە کەرباوەکەی

ترسی لە تانەی گەل و وێڵداش نیە

سەربەنەکەی بەم تڕە زۆر گواوییە:

"جاشی مە زۆر باشە، خەس و خاش نیە"

غیرەت و ناموسی فرۆشت، لای ئەوی

دایک و برا و یار نیە، باواش نیە

هێندە لە دەریای کەرییا نوقمە ئەو

هۆشی لە رۆژی سبەی و پاش نیە

سووکە لە سەر تەختەیی دامەی ژیان

کشپەڵە، حاشا ئەوە قەت داش نیە

ماکەرەکەی سووروسەپانە و سمی

زەڕکوتە گوایە و لە قسان باش نیە

پاژملی زۆری لە سەرە، خشڵەکەی

تاقە، لە زێڕێنگەری بەغداش نیە

گوت گوتە ئەو کۆخ و تەویلانە گش

ملکی ئەون، خۆ ژنە ئاغاش نیە

ژوانی پەسیوان بوو وەهای ئەنگڕان

بۆ زەڕ و زێو شەرمی لە ئەڵڵاش نیە

بۆتە "بسیج" و گەلێ "فعال"ە سا

"خواهر"ی وا قەت لە سوڕەییاش نیە

بەند و قسەم زۆرە بەڵام جاشەکەر

باکی بە توانجی ڕەقی ئاواش نیە

فێرە بەوەی ناوی بەرن پاک و پیس

خوویەکە گرتوویەتی، ئازاش نیە

وەک کەڵی کۆتانێ لە مەیدان چەقێ و

بێژێ کە چیدیکە کەر و جاش نیە

هەر کەسێ جاش بێ و لە گەلی هەڵبڕێ

مەرد و مرۆی ڕەند و کوڕی چاش نیە.

فەرهەنگۆک:

تەغار: کێش و پێوانەی دەغڵ و دان. لە موکریان چوار تەنەکەیە.

چڵ و چەورە: نەوسن و تێرنەخۆر.

گەن: شتی رزیوی بۆگەن لە تەڕایی دا.

دەسلەوەڕ: لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتی کز و لەجەر بە جوێ لە لەوەڕگەی بژوێن دا.

لاترە بەستن: بەلادا هاتن بە هۆی بێ هێزی. تلاسکە دان.

ژیوەپڕ: ئەوەی کەسێک لە ژیان دەخا. ژیوەپڕی کردن واتا پڕینی کەسێک لە نان و لە ژیان.

نیر: ئەو دارەی لە جەنگەی هەردکێڵان دا دەخرێتە سەر ملی گاجووت.

مەڕە: ڕێمەڕە – خاکەناز.

تاش: بەرد.

مردەوەژی: زیندووکردنەوە و ساخکردنەوەی شتێک یان کەسێک دوای مردن و نەمانی.

وێڵداش: یۆڵداش، وشەیەکی تورکییە بە واتای هاوڕێ و هاواڵ.

سەربەن: سەربێن، سەربەند، ئەو پەڕۆیەی لە تەوێڵ و نێوچاوانی دەبەستن.

خەس و خاش: پڕ و پووشی بێ نرخ و زیادی.

سووروسەپان: قیت و قنج و قۆز.

زەڕکوت: شتێک بە زێڕ داکوترابێ.

پاژمل: پاژملە، پاشملە، قسەکردن لە پشت سەری کەسێکەوە – غەیبەت کردن.

گوت گوت: گوتە گوت، گۆتە گۆت، دەنگۆ.

ئەنگڕان: دەوڵەمەندی یان قەڵەوبوونی لەڕادەبەدەر.

. کەماڵ رەحیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق دەڵێ؛ کۆماری ئیسلامی بە ئێعدامی لاوانی کورد هێڵی سووری نەبەزاندووە و کارێکی غەیرە شەرعی نەکردووە.

"کەماڵی گەماڵ"

لە شەرعێ شارەزایە ئەو گەماڵە

دەڵێن باوکی رەحیمە و خۆی کەماڵە

ئەوەی خواردی گەن و گووی ئاغەڵێ بوو

تڕێک بوو، وا بە دەمیا هات و دەرچوو

دەزانم هێڵی سووری ئەو لە کوێیە

لە بەرچی وا کەرە و ئاڵقە لە گوێیە

دەزانم بۆچی بۆی هاتۆتە راوێژ

دەهۆقێنێ و دەمی پڕ بوە لە کاوێژ

لە قووڵایی زگی دا هێڵی سووری

دەبێ قەڵشی قنی پیسی بدووری

نەکا هیچ کەس بە ئاستەنگی بنیدا

سەری هینی لە هێڵ و قوژبنی دا

خەباتی لاوی کوردی هۆرەیە بۆی

لە بەر وەی قەڵسە لێی و گیف دەکا خۆی

لەوێ گۆرتی کوڕی کوردی قەوی بێ

دەبێ ئەم لێرە کلک و گوێی نەوی بێ

لەوێ کچ ڕاپەڕێ بۆ مافی هاوبەش

دەبێ ئەم سەر بنێتە نێو خم و هەش

لەوێ کۆماری زۆڵان تەنگەتاو بێ

قەپۆزی ئەم دەبێ هەر بە لغاو بێ

لە تەرکی تا بدەوگەی زین کرابێ

تەکەڵتووشی لە بن بۆ دانرابێ

مەبادا کاتێ ئاغا دێ لە ژێڵڵا

بە بۆدڕنێ دڵی ئەو بێ لە ژێڵڵا

گەهێ گاجووتە هەردی بۆ دەکێڵێ

مل و پاشووی لەوێ بۆ ڕادەهێڵێ

گەهێ کەمرەی دەکا، ریخ شێلی چاکە

بە "شاکەر" نێونراوە، هێندە تاکە

گەهێ گازۆکە، مارانگاز و مارگر

کەواسوورە گەهێ، مەرتاڵ و بەرگر

گەهێ تاژی و سەگە، دەیبەن لەبۆ راو

گەهێ تۆرە، گەهێ تەبکە و گەهێ داو

گەهێ گوویە و گەهێ گۆە، پیس و رەنگ تۆخ

گەهێ غائیت، هەمان ریقنە و هەمان پۆخ

گەلێک کاسەی مەبالی بۆ سڕیوە

لەوێ تێری نەخواردوە، زۆر سەڕیوە

ئەوی فەرمووی لەمەڕ تێکۆشەری کورد

بژ و بای نێو زگی بوو وا دەریکرد

لە باسی شەرع و یاسای کۆن و تازە

خەبیر و شارەزایە ئەو تولازە

که وایه با به دابی شەرعی پیرۆز

پڕی کای کەین قەپۆزی شاکەری هۆز

لە کەندڕ بێ گەرەک دەمبێنی ئەمجار

هەڵینەپسێنێ وەک زنجیر و هەوسار

دەبێ رەشمەی لە یاڵ و کلکی خۆی بێ

شەتەک بدرێ لە زاری، نەیگرێ فێ

بەڵێ پیتۆڵی شەرعە ئەو گەماڵە

دەڵێن زۆڵی رەحیمە و با کەماڵە

کەماڵی وا جەواڵێک گووی بە ناو دەم

گەماڵێ بۆ گورگ بووگە بە هاودەم

هەچی خواردی گەن و گووی ئاغەڵێیە

لە سۆنگەی بەرجەوەندی باغەڵێیە

تڕێکە، وا لە دەمیا دەرپەڕیوە

بەڕێوە کاروان و سەگ وەڕیوە.

"هەجوەنەقیزە"

جاشێکی دەناسم کە دووسەد گانی بە کەر دا

تابشتی قنی تووکنی ئاوا بە هەدەر دا

قوون قایم و پاشەڵ پتەو و رەشمەڕەشێکە

میناکی نیە ئێستە لە چوارقوڕنەیی هەردا

کێ پاشەڵی وا بۆگەنی دیوە بە حەیاتی؟

هێندەی دەوی قوونی دە دەوە و گووسلە وەردا

ئەو ئاغەڵە تەنگەی بە خەڵات پێ نەپڕاوە

خوێنی گەلێ بۆ رشتووە، سەد گانی لە سەر دا

سەرواشی قەڵەو بێ نیە باکم کە لەقاوی-

دەم کاتێ دەشیگێن، دەم و لمبۆزی لە زەڕ دا

هەرچەندە ئەوی داویە، بە "جۆ" بۆی دەژمێرن

هێشتاکە جل و قایشی باپیری لەبەردا

بۆ هەر کەسێ لەو سووچە کە تێیناوە تەڕ و تیژ

جاشکانە زەڕیوە و بژ و بای نێو زگی دەردا

سەرباری ئەوەش خۆی گەلێ پێ گۆڵەکەرە و دەی-

بینم کە هەمیشە سمی پێشێی لە کەمەر دا

سەد خۆزگە خوروی گانی بە کەرگەل بشکایە

وەک ماکەرێ دوو هێندی تریشی بە بەشەر دا

سووتاوە، بەمەش نامرێ ئەو کرمە کە هەیتی

فیل و کەڵ و گورگ و دەڵەکیشی لە نەزەر دا

شێریش لە وی راساوە، دەڵێ؛ جارێ نەدا پێم

لمبۆز و سم و پاشەڵی پیسی لە خەتەر دا

مێرووڵە هەتا فێرە بە وی، کاتێ لە کادێن

خۆش دان و تفاقە و بنی کلکی لە حەشەر دا

ئاهۆیەکە گرتوویەتی تیماری چەتوونە

کاتێ کە دەداش، دانی سبە و پاشی دەسەردا

هەجوی تەڕی "کەکرە"ی وەکوو گۆچان و نەقیزە

دەردێکی وەها پیسی بە جاشی کوڕی کەر دا

زۆر زەحمەتە زاتی هەبێ خۆی رانێ لەمەولا

وا چاکە کە کلکی گەڕی لەو کەتنە نەوەردا

پللاری رەقی کاکە "رەسووڵ"ی بە نسیبی

گەر سم بچەقێنێت و بەکەردانێ نەبەردا.

# چوارینەکانی کەڵەک

وەتی مەلا عەلی کەڵەک ئەو داهێنانەی ڕۆناوە و مەلا هەرمانی دیوەخان، کافتێریای لەبۆ داناوە، خەو لەم دوو چاوەم زڕاوە. لە پەناوە، بە ڕاکشان و دانیشتن و بە حەواوە، هەر بووکی جوانی هەڵبەست و چوارینەی تەڕ و خۆشهەستە، وەکوو وەنەوشەی نەوڕەستە، چەپک چەپک و دەستەدەستە، خۆ لە پێنووسم هەڵدەسوێن، پەیتاپەیتاش لە گەڵ وشەی لێک و لووس یان تفت و تاڵی نێو هەنبانەی زەینم دەدوێن. منیش نەمکردە نامەردی و لەپتابم دانا سەر هەردی، پەنجەم رە کیبۆردێ خست و ئەرکی شەرعیی و قەشمەرانەم وەکارخست و بارە قسەی مێشک و دڵم لێرە داخست. جا تۆش لەسەرتە وەیخوێنی و وشەی نەبیستراوی کوردی و پەند و وانەی بە کەڵکی لێ هەڵکڕێنی. جا لە سۆنگەی قڕەبیری و ئاوەزقاتی، فریوی هەموو عەشتەبا و دەعبایەکی خۆوڵاتی و خۆکردی دێوجامەئاسای دزێو نەخۆی، چونکە دەسپێک و کۆتایی ئەم تەون و بەستە هەر ئەتۆی، پروا بکەی، گوندایش بی وات دەدۆشن، دەتکەن بە تۆزی سەر بانان، خوام کرد چاوبز و وریاش بی، لێی دەخەلسی و بۆ خۆت دەبیە خانی خانان. ، لە

سەر ئیزنی ئاغامان و لە سەر ڕێچکەی مەلا هەرمان،
ئەوەش ئێوە و قۆرینەی کەکرەی دیوەخان.

ئەو میزە کە خۆشڕەنگە، بە تام و بۆیە

ڕێت وانەبێ پیسە، کوا زیانی خورۆیە ؟

بیکە بە هەوێنی شیری لۆک و وشتر

شیرمیزە شیفای هەموو پەتا و ئاهۆیە

***

زانایە مەلا، لە فەند و فێڵێ لایە

پسپۆڕە، پزیشکە، شارەزای فیزیایە

ئەو میزە کە خواردی ئایەت و متفەڕکە

گووخواردنەکەشی بە ئیزن و بیسمیللایە

***

وەستایە عەلی، لە تەفرەدان و لە کەڵەک

شاگردی ئەون لە ڕێوی تا گورگ و دەڵەک

بەڵغەم نەبوو باشاری، بە چاودا هەڵمیزت

کوێر گوایە دەبن بە خێوی دوو چاوی بەڵەک

***

پێی بێژە؛ ئەرێ کۆڵکەمەلای ژیری هەرد

گەر میزە شیفای کۆخەڕەشە و ئاهۆ و دەرد

بۆ کیری هەباس هەوێ دەکا و کرمۆڵە؟

بۆچی کەلەکەی هەمزە وەها لیپە لە بەرد؟

***

ویسکی چیە بۆی هێندە لە کرد و کۆشی؟

ئەو پێپسییە پیسە چیە تۆ دەینۆشی؟

شیرمیزێ وەخۆ و بە تام و بۆی خۆت گێژ کە

هەنگینێ دەگەی لە عالەمی سەرخۆشی

***

گەلحۆیە هەبێ لە عالەما هی خۆیە

چی دیکە هەیە، هەمووی درۆ و دەنگۆیە

سەد جاری فڕی بکا پڕی دەفرێ میز

هێشتاکە دەڵێ: بە چێژ و بۆ وەک دۆیە

***

ئەی شێخەشەلەی دەسبڕی گەلدۆشی چڵێس

چیدی مەکە بەڵغەمت بە کارساز و چرێس

پەرجوویە پەیا بووگە لە ئاقاری کەڵەک

میزی وەکوو دۆپینگە لەبۆ پیاوی بنێس

فەرهەنگۆک:

زیانی خورۆ: هەر شتێکی خۆماڵی کە زیانی هەبێ،
بۆ وێنە سەگێک کە فێری مریشک خواردن بێ

لۆک: حوشتری نێر

ئاهۆ: پەتا و نەخۆشییەک کە گیرۆی هەبێ

هەوێ دەکا: چڵکێ دەکا – هەوکردن

کردوکۆش: هەوڵ و تەقەلا و کۆشش

هەنگینێ: هەنگی، ئەوساکە، ئەوکاتە

گەلحۆ: زەلامی گێژ و حۆل

چڵێس: چڵێز، نەوسن

چرێس: چرێش، ئەسرێلک

پەرجوو: موعجیزە

بنێس: لەڕ و لاوازی نەخۆش

*

"ئۆین و ئایین"

لەوساوە کە ئاڵای ئەمە لێرانە شەکاوە

ئەو مارشە بە سەد هۆ لە هەزار جێ گوتراوە

هەر جاش و براکوژ کە هەبوون سوژدە دەبەن بۆی

ئەو ریشنە هێشتا لە بەری هەڵنەستاوە

کاتێ کە بە ئەزمانی ئەوان مارشێ دەبیستێ

زووتر لە هەموو زۆڵێ دەوێستێ بە حەواوە

زۆر پەستە بەوەی ئێمە دەڵێین؛ دینە وڵاتم

لەو وایە کە تف لەو مەزەب و دینە کراوە

بەو خوایە کە قەت تێینەگەیین خێڵی گەڵ و گون

ئایین نیە، ئۆینێکە بە دەست جاشەمەلاوە

پەردێکە عەبا، ریشە دەمامک، خۆ وەدەشێرن

بەو فێڵە دز و حیز و قورومساغ و شەقاوە

"حب الوطن"ی چاوگی ئیمانە، کوڕی کەر!

ئەو لۆکەیە دەرنایە لە هەر دوو کونی ناوە

ئیمانسزی، گەر نەشبی لە ئەو دینە بەرم وا

فەرموویە کە پێشمەرگە لە تۆڕ دەی لە پەناوە

تەحویلی مەلای خوێنمژ و پاسداری گولت دان

ئەو گوویە هەنووکەش بە دەم و لەوستەوە ماوە

گورچووپڕ و کەرهەڵدڕ و جاشفوودەری خۆمان

زۆر حیتکەبەسیجی وەکوو تۆی ماکەری گاوە

کوردایەتی لێرە گەلێ باریکە زرووفی

پێشمەرگە دەنا دێنە زگت هەر بە کەواوە

پەل پەل دەکوتن تێت و پەل و پۆت دەتەزێنن

ئەو هینە دەگێن داوتەتە دەست حەمزە و کاوە

ئاغا دەڵێ؛ سانسۆری کە دوو "قاف" و هەمیش "کاف"

داخم کە لە ئەو بابەتە هۆشداری دراوە

"کەکرە"م، بە غەزا دێمە شەڕت موسلیمی کەززاب

مەفتووحی دەکەم خەیبەری "قاف"ت لە دواوە

********

تێبینی و پەراوێز:

ئۆین: مەکر و ئەدا، واتای گەمە و یاریش دەدا، ماکەی وشەکە "ئۆیون"ی تورکانە

شەقاوە: بەرەڵڵا و هەرچی پەرچی

ئیمانسز: بێ دین و ئیمان، ئەو پاشگری "سز"ە هەمدیسان هی تورکی دەر و جیرانە

حەمزە و کاوە: مەبەست لە هەر دوو قەرارگای حەمزە و کاوەیە

حیتکەبەسیجی: حیتکە بە ژنی هەرزە و ماڵانگەڕی گاندەر دەڵێن

موسلیمی کەززاب: ئاماژەیە بە "موسەیلەمەی کەززاب"، ئەوسا کە رەسووڵی نازدار لە گیانەڵڵایەدا بوو ئەو سەگبابە هەستا و بە درۆ بانگەشەی پێغەمبەریی کرد، لە بەر پاراستنی وەزنی شێعرەکە کراوە بە موسلیم، هاوکات ئەو مانایەش دەدا؛ ئەی مسوڵمانی درۆزن!

خەیبەر: قەڵای جوولەکەکانی حیجاز بوو، بە شمشێری عەلی و جەنگاوەرانی دیکەی ئیسلام فەتح کرا

*

"ئەو پیرە زەریفە"

ئەو پیرە زەریفەی کە بەڵێنی لە حەوا کرد

مێشکی سەری سەرداری تەژی بادی هەوا کرد

نوقڵی لە دەمی دێتە دەرێ، دانە بە دانە

گوێی "قەوم"ی پەراوێزی بە ئاهەنگ و نەوا کرد

جلکێکی فەشێنی لەبۆ "ئایشیلێ" دوریوە

بۆکان و سنە و پاوەشی پڕ رانک و کەوا کرد

ئەو ئاسکە کە تۆری کەژ و سڕکی رەوەزان بوو

بەو گفتە لەتۆڕدای و لەغاوی لە دەوا کرد

کەحلان و حدوودی رەسەن و ناڕەسەنی مەی

بێ "ئیخە" و بێ "ئۆحە" لە شیرینە خەوا کرد

شاباڵی هەڵۆی بەست و گمەی کۆتری لەداوخست

بازی کەلی شاخانی بە گژ خاسەکەوا کرد

“ئیکس”ێکی بە کەر زانی و “ئیگرێگ”ی بە کەر برد

یەکیانی بە رۆژ کرد و یەکی دی لە شەوا کرد

بەو ماینە حیزەی کە لەوێ “مادە”یی ناوە

سامان و وزەی کوردی لە یاری و گرەوا کرد

بەردێکی لە “قەندیل”ەوە بەرییێتەوە “وەزنێ”

بە قسەی “عەبە” تیرێکە کە رووی لێر و لەوا کرد

“ئەو” شێری ئەمەی گرتن و خنکاندنی پۆل پۆل

“ئەم” تەیری تەرەی مەی بە هەزار پێچ و گەوا کرد

“ئەو” رێکخەری ژووری گەل و یەکێتیی وڵاتە

هەر “ئەو” کە ئەوێ جارێ ئەمانەیشی سەوا کرد

بیستوومە دەڵێن؛ سەر دەپڕێ لۆکەیی دەستی

دەستیشی بە گیرفانی پڕی نەوتی ئەوا کرد

سەد ساڵی تریش تێپەڕێ ساوا و هەتیون

کاروولەیی دەستیان بە قەرارگە و مقەوا کرد

لێم مەگرە بە دڵ، توانجێ نەڕووشاندی دڵ و دین

زۆر جەستەیی خەستەی بە گیای "کەکرە" دەوا کرد

ماڵتانە دە تۆش هێز و وزە و کار و کرت بێ

نادۆڕێ کەسێ کاری بە هزر و بە قەوا کرد

" پاییزم گەیوەتێ

پاییزم گەیوە سەرێ وەرزی بەهار، کوردی عەزیز!

گوڵی دڵ سیس بوو لە دەست دەستەبرای سووک و نەچیز

ئاوی چاو رۆدەڕژێ کاتێ دەبینێ گەردوون

سووڕ و خول خواردنی زۆرە بە دڵی ناکەس و حیز

یەک دەڵێ: تێیخوڕە سەگبابێ کە ناحەز بە گەلە

یەک بە فارسی دەڵێ: "احسنت، ولی کجدار و مریز "

یەک دەڵێ: زوڵم و ستەم کوێوە بچێ، راوی بنێ

یەک دەڵێ: جا چیە کورد دەوڵەتی بێ و ئێمە کەنیز؟!

یەک بە دوو دەستی دەکا پێشکەشی قەندیلی بەرز

بۆیە وا دایکی وەتەن زویر بووە لێی، تووڕە و زیز

چەندی دیش تێدەکوشـن ویشـکەتریتان بە تەمای

دەر و جیرانێ کە نەیداوە بە وان کورسـی و میز

بۆ "خومە"ی لێرە سـەریان نایە خم و تێر گریان

" جەژنی کۆماری تورک" بوو، ئەمە چووین بۆ سـوپریز

کۆتەڵی باوکە "ئەسـەد" هێشـتە لە سـەر پێ مابوو

جەندەکی شێری مە کەوتبوون لە تەنیشـتی ریز ریز

بە شـەشـان و بە یەک و سێیە چ کەتنیان کردن؟

هەڵترووشـکێ و بە سـەر ئەو کار و کرەیدا هەڵمیز

نە لە رێسـان و نە پێچانەکەدا بوو، ئێسـتاش

وەکوو جۆڵایە لەبۆ جاجمی ئەوێ دەم بە گلیز

من دەڵێـم: "کرە خراند" ئەو دڵە پیسـانە کە وا

بە خەرەند رێگە دەبەسـتن لە بریندار و مەریز

وەختە شێت بم، سەری خۆم هەڵگرم و بچمە دەرێ

لە وڵاتێ کە خیانەت بووەتە چێشتی لەزیز

بەژنەکەم دارە، سەرم پەلک و گەڵاش سەودای شین

نیمە بۆ زێد و وڵات، بێجگە بەڕووی قەلبی تەمیز

*****

فەرهەنگۆک:

کۆتەڵ: پەیکەر

جەندەک: تەرم

گلیز: لیک، لیکاوی دەم

خەرەند: خەندەک

*********************************************************
*

"تاعەتی ریا"

حەولووەلا، حەولووەلا، حەولولا

وەی کە چەنێ دڵگرە پاڕکی قەڵا

پڕ لە (قز و دۆختەر و بنت) ئەجنەبی

شیرن و پڕ شیلە وەکوو باقلەوا

تورکە ئەوەی سمتی خڕە و لێک و لووس

هەر لە شەمامەی تەڕی بێستان دەکا

هێندە سپی و سۆڵە کچە فارسەکە

شەوقی پڕیوە لە چرا و کارەبا

عارەبەکە بۆنی کەزی و لاملی

لێرە دەڕوا تا نەجەف و کەربەلا

کوردەکە هەر باسی نەکەم چاترە

ناز و کرێشمەی دڵ و دینم دەبا

چەند خولەکێ ماوە کە بەربانگ بکەم

هەر کە مەلا لەو سەرەوە بانگی دا

بیسملێکی لێدەکەم و عەنتەری

دەست لە قنی تورکە دەدەم لەو پەنا

"تورکلەری چۆخ چۆخ سەڤەرم گەل سەنە

قاچما گوزەل، فرسەتی ئێتمە زیا

ڤێر سیکەییم ئامجغینی ئۆیلە کی

یووز کەرە ئێتسەن رجا؛ سۆق بیر دەها"

فارسییەکەم باشە بە فارسەش دەڵێم:

"من بکنم بوسە لب و لوچە را"

ئەو عەرەبەش دیارە گەوادی هەیە

دەیبەمە ماڵ بێ تەق و تووق و هەرا

تا بەری پارشێوێ لە سەر سینگەکەی

تاوی دەدەم کوێتە قوتەی بێ هەدا

سوژدە دەبەم پێی و وەهای لێدەبەم

بیری نەمێنێ ئەخ و ئۆخت و ئەبا

خوایە قەبووڵی بکەی ئەو تاعەتە

تاعەتی عەبدێکی وەها رووسیا

من لە مەلا و شێخەشەلەی تەکیەمان

تاعەتی وام دیوە لە وەختی سەڵا

کاتێ مەلا ماچی دەکرد بێوەژن

حوجرە دەبوو پڕ لە ئەه و ئۆه و ئا

گا لە سەرێ هەڵدەبەزی گا لە ژێر

گۆڵەکەریش نەیبو وەها تین و تا

یانە درەنگانەشەوێ شێخەشەل

ئەو کوڕە لووسکەی لە پەسیوان دەگا

هێندە بە قەو تێیدەوەژان ئەو شەوە

ئەو کوڕە بێچارە بە خۆیدا ریا

تامی گەلێ خۆشە تەمایەر مەبن

تۆبە بکەین ئێمە لە زوهدی ریا

موخلیسی ئوستادی وەها گانکەرم

سۆفییە یان شێخەشەل و کاک مەلا

حەولووەلا، حەولووەلا، حەولولا

یا خوا کە دوور بن لە بەڵای لابەلا.

# پێشکەش بە "رووحانی" کەرکۆماری تازەی پشیلەبۆرە

"راوەمەلا"

ماوەیەکە وەکوو نێریی

بە مەلا و شاقەلیان فێرم

ئاشنا و رۆشنا هەر پێم دەڵێن:

خۆم لە پاشەڵیان ببوێرم

بە دەست خۆم نیّ، چۆن دامەزرێم؟

چۆن داسەکنێم، چۆن هەدادەم؟

ئەو خۆی وەک دێڵە بە بایە

چارە نیّ، با خۆی پێدادەم

دەڵێن: کەکرە ئەم ئاخورە

هەر جێگەی جاش و مەلا نیٚ

بۆ لەوانت تیژ کردووە؟

ئەو نەقیزەیەی وەلانیٚ

سەرانگوێلکی ئەو مەفتەنەی

گوێلک و گورگ و ڕێویشی هەس

دەسبڕ، خوێڕی، شەڕانی، حیز

سەرهەڵقەنە و دێویشی هەس

مەزرای وشکارۆی هیوامان

پڕ لە جلە و فریزوویە

کیرکەڵەگا بوونە کوێخا

زمانیان وەکوو چزوویە

بۆ هەر بە مامۆستا فێری؟

ئاوڕێکیش لەمانە دەوە

بە نۆرە پێیاندا وەرە

لەم دەرێنە و دەوەی خەوە

دە بە قەبری مام خەمانی

لەمێژە خیگەم بەرداوە

خیگەی سەگباب بەرم نادا

دەنا چیم لەو بەزمەی داوە؟

ئەمڕۆش گوتم: دە جاڕز بووم

فەقێ و کۆلکەمەلا بەسە

ئەوانەم پێ تەمبێ نابن

لاحەولولابەلا، بەسە

کەچی مەلایەک لە تاران

دەستی کردوە بە زەڕەزەڕ

لووشکان داوێ، مۆز گرتوویە

وەک ماکەری بەر گەلەمەڕ

حاشا دەکا ئەو تولْازە

لە هەرچی رەنگ و بۆی جۆنە

دەڵێ؛ هەبێ و نەبێ خۆمم

ئەوی دی گشتی درۆنە

هەڵۆ و شاهێن و بازی چی؟

هەمووی لە توخمی چارەوێن

هەڵیشفڕن هەر پشیلەن

بەوەی نێ دەنگ و رەنگیان جوێن

بە من دەڵێ کلکی پشی

بە سیرەشم دەڵێ میاو

لە دابەشینی مشکان دا

لێم دەغەزرێ: دە لاچۆ پیاو

دەفەرمێ: یەک گوێچکەیەتی

ئەویتریان چنچڕۆکی

هەمووومان لە جسنی ئەوین

دەچینە سەر رەگ و کۆکی

هەقم دەنێ تێر بەو حوجرەی

ناڵی کردوە هەجووی بکەم

به پەستان و بە ئاخنین

قەپۆزی پڕ لە گووی بکەم

ئیتر با هەر کاوێژ بکا و

وەخڕ کا گوێلک و جاشوولکان

ڕۆژێک دێ خڕیان فوودەدەین

بە نەقیزە و شەق و شوولکان

ئەوسا دەڵێم یاران وەرن

راوە مەلا و راوە جاشە

یەکەم یاساش وا دادەنێین:

گانی جاشمەلا بەلاشە.

دەڵێم بیگێم و ناوێرم

که هەڵنەستا لەبەر رێزی

سروودی گەل مەلای ماکەر

کوتیان هیچ خەم مەخۆ کاکە

مەلایە و با موسەمما کەر

مەلایە و کاک مەلا هەم سەیرە هەم ئاخوندی دۆمانە

مەلا رانکی لەبەر دایە لە گەڵ چۆغێکی خۆمانە

کوتم گیانە بەڵێ راستە ئیتر با بەس بێ پاکانە

گەلێ بێ رێزی کرد گەر بمکوژن من تازە نایبوێرم

نەمێنی گەر هەزار وەزنیش ، دەڵێم بیگێم و ناوێرم

که هەستا لێی ڕەقی کاکی

لە قوونی دێز و پڕ تووکی

کوتم دابێوە ریش پان گیان

کوتی لاچۆ ئەتۆ سووکی

مەلایە و سووکە ناوی خۆی کەچی یەستا

بە سووک دەڕوانێ بۆ ئێمە سەگی سەگباب

لەبەر ئەو حەیس و بەیسانە و لەبەر وەی پێم نەڵێن کوێرم

بە بی قالب ئەگەر دەرچێ هەموو شێعرم،

دەڵێم بیگێم و ناوێرم

مەلا فەرقی هەیە کاکە

لەگەڵ زانایی ئایینی

ئەوانە زێڕی نایابن

ئەمان ئەلقاعیدەی چینی

لە عیلمیش دا وەکوو کاڵایی چینی سووک و ناچیزەن

هەموو هەر رواڵەت و نائەسڵییە کاریان

نییە بیری ئەسالەت یان رەگی کوردی لە خوێنیان دا

لەبەر ئەو گشتە بۆچوونە و گەلێکی تر

لە دابی کاری جوانی بائەدەب لادەچم و بێ خێرم

دەڵێم بیگێم و ناوێرم

## هەجوەکانی رەسووڵ سوڵتانی

لێرەوە هەجوەکانی رەسووڵ سوڵتانی دەست پێ دەکەن، ئێمە هەر ئەوەندەمان دەست کەوت و پێوەندیمان بە خۆیەوە کرد، بەڵام کە زانیی دەمانەوێ بڵاویان بکەینەوە، هیچ هاوکارییەکی نەکردین، گوتی، چاپیان نەکەن باشترە، چاپیشیان دەکەن کەیفی خۆتانە چونکە من بۆ چاپ نەمنووسیون.

# بۆ پوورم

کیرێکی دڕ و بێ ئەدەبم پێوەیە پووری

هێشتاکە لە دەرگای قوز و قوون نەچوەتە ژووری

موشتاقە بە گان وەك گەروو وشکێ بە قومێ ئاو

ئەستوورە بەقەد کۆڵەوەژی داری تەنووری

لەو رۆژەوە تاسەی قوزی تۆی کردووە بە خوا

ئەو سەر زلە بێچارەیە نەیماوە شعووری

هەستاوە بە دەستی بە دوعا کیری فەقیرم

بۆ لەحزەیە لێوی لە سەری میتکە بدووری

قاناوی قوزت ئێستەکە خاکاوی کراوە

شەتڵی بکە لەو نێوە لقی کیرم ئەگووری

سەد چڕژت لە دەوری قوزی قەیدا دەبێ بتگێم

وەك دارێ بە قەڵسێوە درابێ لە بلوورێ

ئاهم دەبێ رۆژێ چ بەڵاییێکت بە سەر بێ

بۆ گانێ دەبێ سەد کەڕەتت بێمە حوزوورێ

شەو تاکوو بەیانی دەگرن بیانوو گون و کیر

حەولیانە کە رازی ببی بۆ جارێ بە جوورێ

گەر تەنگی تفی لێدەدەم و گەر فش و فۆڵی

کەیفت دەگرێ کیری بەقەد نێوقەدی توورێ

تاوانم گەلێ زۆرە بە گانێ لە قوزی تۆ

خواوەندی تەعالاش لە گوناهانم ئەبوورێ

## سڵاوێك بۆ پوورم

سڵاو ئەی جوانترینی پوورەکانم

ئەگەرچی تۆ پڕیوتە رسقونانم

ئەمن هەر وا دوعاگۆی تۆمە پوورێ

خەیاڵی سمتی تۆن هاوڕێی شەوانم

بلووری سمت و ران و نێوگەڵی ساف

هەمووم کردنە هەوێنی هەجوەکانم

وشەم کەم پێیە بۆ تاریف دەمێکە

بە تاسەی گانی تۆم بمبوورە خانم

دەڵێن کەیفت بە کیری گەورە سازە

ئەمن تازە بە ئەو رازە دەزانم

وەرە بیپێچە نێو ئاوریشمی قوز

سەری سەلکی خڕی بێ نیشتمانم

دەنا هەر بێ غەڵافە شیری کیرم

سەری دەخشێ لە پاژنەی کەوشەکانم

کە نیشانم بدابایەی لەمەو پێش

قوزت سوژدەی دەبرد بۆ شای گونانم

ئەتۆش وەك رۆڵەکەت قەدرت دەگرتم

کە بتزانیایە دەیبەستم لە رانم

**زەکاتت زۆر لە ئەو خەرمانە داوە**

**لە ئەو مەڵبەندە هەر من تۆم نەگاوە**

لە میتکەت هەرچی چێشتی تامی گانێ

هەتا رۆژی قیامەت مەیلی نانێ

وەکوو بیستوومە وێنەی ئەو قوزەی تۆ

لە ئازەربایجانی غەربی دانێ

لە رادیۆ لەندەن و فەردا و فەرەنسا

هەموو حەوتوان بە ماوەی رۆژودانێ

لەسەر باسی قوزی تۆ پۆل دەبەستن

ئەوێکی شارەزایە عیلمی گانێ

هەتا ئێستاش کەسێکی خاوەن ئەزموون

وەباڵی بۆ نەکێشاون کە وانێ

لە دنیادا نەماوە تاقە پیاوێ

کە بۆی ماساژ نەدابی شلکە رانێ

نەماوە شاخ و گردی تاقە کیرێ

کە نەتدابێ لە کوتکەیدا وچانێ

منیش بێبەش مەکە خێرت دەگاتێ

بەڵام وریابە با خاڵم نەزانێ

**قوزی تۆ جێی وچانی شا و گەدایە**

**هوتێلێکـــــــــە شەوو رۆژ ئاوەڵایە**

***

ئەوەندەی مۆن و رووگرژ و بە سامی

هەزاران هێندە خاوەن چێژ و تامی

لە نێو کیژو ژنانی عالەمێدا

قوزت هەر چۆتەسەر روتبە ومەقامی

بە تەنیا هەر لەمن قەڵسی دەنا تۆ

ژنی خەڵکی عێراق و رۆم و شامی

حەڵاڵی بۆ هەموو پیاوانی دونیا

بە تەنیا هەر لە مێردی خۆت حەرامی

نیشانەی نێو گەڵ و سمتت دەزانن

لە ئێراندا هەموو شەخسی و نیزامی

ئەوەندەت دا لە زیندانیت وەرەز بوون

سوپا و ئاگاهی و هێزی ئینتیزامی

لە تاران فارسیێ دەیگوت"خالەی تو

بە راه زاهدان افکندە دامی"

بژی پووریێ بەراستی زۆر نەترسی

کەچەند ساڵە لەسەر دان بەردەوامی

بە تینی ئاوری میتکەت بە زستان

دەبرژێنن برێشکە و گەنمەشامی

دەسم پێتڕابگا خۆ شەرتە بتگێم

بە قەت ئەبیاتی پێنج گەنجی نیزامی

بزانی من نییەتم وایە بە خوا

به غاردان دێی بە وێنەیماینی رامی

بەڵام تۆخوا لە رۆژی قیامەتێ دا

نەڵێی خوایە ئەو خوشکەزایە گامی

کەچی گەر تۆ بگێم لێم سوورە پوورێ

خودا سانا لە تاوانم دەبوورێ

****

## پوورم

پووری نازداری منە کافرە هەر دینی نییە

کەچی هیچ کەس قوزی وا شیرن و رەنگینی نییە

کیر لەبەر دەرکی کوزی تواوەتەوە هێند گەرمە

دۆزەخیش سوورە لەمن هێندە گڕ و تینی نییە

وەکوو سەیرانگە بەرومێکوتی پڕی گەشتیارە

باخەکەی نێوگەڵی هیچ لەمپەر و پەرژینی نییە

زۆرە وەك ریشی مەلا بەرگەدەی و نازانم

مووسی دەست ناکەوێ یان تاقەتی تاشینی نییە

تاشك

سڵاوی شێخ لە تۆ بێ کاکی تاشك
کە زۆر جار لێت زەڕیون گۆڵە جاشك

پەیامێکت لەبۆم داناوە دوێنێ
کە هەجوێکی لەبار و خۆش دەهێنێ

کە فەرمووتە لە سایەی هەجوەکانم
قوز و کێر دێنە سەر زار و زمانم

بنی رانت خوراوە نەك زمانی
کەوا گرتت بەرۆکی شێخی سانی

دەزانی شێت و شەیدای قوونی لووسم
بیانووت دا بە من هەجوت بنووسم

قوز و قوون چەندی بێنە سەر زمانم
مەترسە قەدر و نرخیان باش دەزانم

لە رێبازی رەزا بەو کارە فێرم
ئەگەر کێر بوو هەمووی بۆتۆ دەنێرم

دووعا بكە كێرى من هەر وا بەكار بێ
هەميشە دوور لە كێشە و چاوەزار بێ

بەڵێن بێ بشمرم تۆڵەت دەسێنم
ئەوى تۆى گاوە چاوى دەردەهێنم

دەبێ بيگێم و دەربێنم دوو چاوى
بە منداڵى ئەوى خۆى پێوە ناوى

لەبۆت دەستێنمەوە نەغدت بەبادا
ئەوى داوتە لە هێزى پێشەوا دا

كڵاشينكۆفەكەت وا وێردى زار بوو
لە رۆژى شەڕگەدا چەندى بەكار بوو

ئەگەر ئێستاش بڵێى وەك كەو دەخوێنێ
بزانە تۆزى كێرم ناشكێنێ

كە رابردووت نەبا ئاوا بە مەردى
بەراستى سەگ بە حەوشەم پێ دەكردى

کەوابوو دانیشە ژیر و بەبێ دەنگ
دەنا ئەو نیشتمانەت پێ دەکەم تەنگ

ئەگەر ئێستاش بزانم جنێو فرۆشی
دژی من قسان دەکەیت و تێ دەکۆشی

دەبێ هەجووت بکەم جا لێت دەبوورم
وەکوو ئەو قیامەتەی کردم بە پوورم

# وەڵامێکی ئەمەگدارانە بۆ رێبوارسەفەری

سەیرە لە دوێنێ دەمی ئێوارەوە
کیرە ڕەقەم گرتووە لەو بارەوە
دیارە یەکەمجار نییە ئەو فیتنەیە
من هەمە ئەو دەردە لە پێرارەوە
تا بە کونێ دانەچێ چارێ نییە
دەیخەمەوە نێو گەڵی رێبوارەوە
ئەو دەمە وا نایە دەم و قنگیەوە
کەیفی دەکردن لە دەم و زارەوە
ئێستە لە من دوورە چلۆن بیگەمێ
بیدەمە دەستی بە هەوای پارەوە
بۆم بگووشێ نەختێ بەدەستی گەرم
بێ ئەوە پێی وابێ مـــــەلای لادەرم
جارێ لە رێبوارێ گەڕێم چاترە
زۆر وەرەزم بەو گونە لاسارەوە
خزمەتی خێزانی بکەم خۆشترە
بەو مەم وسمت و قوزە ئاودارەوە

دیارە چ قەدرێ دەگرێ لەو گونەم
دێتەوە پێشوازی بە ئەشعارەوە
سڵاوێ دەکەم لەو قوزە لووسەی دەڵێی
قەیسیەکی زەردە بە سەر دارەوە
کیر دەڕفێنێت و خورووی ناشکێ
گانکەری بۆ دێنێ لە دێ و شارەوە
پاوە، مەریوان و سنەو دێگولان
بانە بە بۆکان  و بە هەوشارەوە
لاوی سلێمانیی خەنـــی کردووە
ریز ئەگرن بۆیە بـــــە دۆلارەوە
سواری دەبوون وەک ئوتووبووس و ئەویش
نازی دەکردن بە چ هاوارەوە
دێن و دەچن کیر بە قوزی دا وەکوو
ماسی لە نێو جۆگەوو رووبارەوە

عەهدی وەها کردووە تا سەر بدا
تۆ بڵێی گانێکی بە لادەر بدا؟؟؟؟

دیارە کە رێبواری لە رێبازی کەر
خۆت کە دەسەلمێنی بە گوفتارەوە

کۆنه حیز ئەمجارەکە بێدەنگ نەبی
بێت و وەها گوو بخۆی بەو زارەوە
گشتی نهێنیی ژنت ئیفشا دەکەم
هەرچی کە کردوویە لە پێرارەوە
چەند و لە کوێ و داوێ بە کێ هەر هەمووی
دەیخەمە پیت  و وشەی ئەشعارەوە
لێرە ئەوی لادەرە کیر رەق دەکەن
قوون و کوزی دایک و ژنت شەق دەکەن

کەریم لە ئەورووپاوە سفارشی دا

کەری مە هەر بەراست ناوی کەریمە

کەری مە هەر بەراست ناوی کەریمە

کەرێکی تا بفەرمووی نانەجیمە

کەری مە"""" سوورە زەردە شینە بۆرە

کەچی تۆ وا دەزانی مفتەخۆرە

بە کێوی رژد و هەوراز هەڵگەڕاوە

لە زگ وەستاوە تینی تیا نەماوە

ئەوە ناردوومەتە وڵاتی فەرەنگێ

لەوێ چاکی بکەن کاری نەلەنگێ

بە رابردووی ژیانی خۆی دەنازێ

خەیار و سەلکە توورمان لێ دەخوازێ

دەڵێ من پاڵەوانی دەشت و دەر بووم

بە کورتان و جلی خۆم تاقە کەر بووم

گەلێ جار خێڵی جاشانم بەزاندوون

بە جووتە و لووشکەوە گیانم تەزاندوون

کەچی ئێستا کە پیرم و لەو هەوارە

جل و کورتان و گوێم شۆڕ و خوارە

لە ئەورووپا خەریک دان و زەڕینم

خەریکی سەگ بەخێوکردن و وەڕینم

بە رابردووم دەنازم و دەیفرۆشم

خەباتی چی دەژیم و مەی دەنۆشم

بەشی خۆم دیوە هەوراز و نشێوان

زەڕین و دەرپەڕینی نوێژی شێوان

ئیتر تۆزێ پشوو بدەم چاکە وەک پیاو

بە من چی چیی بەسەر دێ کوردی داماو

************

بەڵێ قوربان کەری مە هەر کەریمە

بەڵام چەندی بفەرمووی نانەجیمە

بۆ جەنابی کاک (کەری) م ناوێک لە دەرەوەی وڵات

کەریمێکی بەبێ (م) جنێو ئەدا پێم

ئیتر قانوونی هەجوە و وا دەدا رێم

کە خۆی و رۆژەکانی ژیانی یەک یەک

بە رابردووەکەیەوە ورد بیانگێم

ئەوەندە گانی وشک و بێ تفی دا

ژمارەی زۆرە چۆن لێرە بیانلێم

کە رابردووی هەموو حیزیی نەبوایە

چلۆن ئیزنی دەدا بەو جۆرە بدوێم؟

"هەتا لوولەی تفەنگیشی بگێم با

بە رابردووی نەنازێ خۆ نەدا لێم

له رۆژنامەی هەولێر پارەیان لێ کەم کردوومەوە
منیش نامەیەکم ناردووە بۆ کاک سەرۆ قادر

دەفەرمووی بۆچ دەبێ مات و پەرۆش بم؟

بفەرموو بۆ دەبێ سەرمەست و خۆش بم؟

جەواد دووسەد هەزاری پڕی مەعاشم

دەبێ موحتاجی نانی نیوەڕۆش بم؟

وەکوو پوورمی بەسەردێنم بەوەڵڵا

دەترسم شەرمەزاری لای ئەتۆش بم

کە پووری خۆم بە ویشکی گا لە ئەودیو

مەحاڵە گەر لە پووری ئێوە خۆش بم

هەڵمەت

کەری هەڵمەتبەری من ئێستە چۆنی

لەگەڵ بابۆڵە تەرس و تام و بۆنی!؟

دەڵێن بارکێشی تورکانی لەوێندەر

سمت قەڵشیوە داماوی قەلەندەر

وتیان دەمبێن لە لمبۆزت دراوە

لە چوار سم هەر یەکێکت ناڵی ماوە

ئیمەیلم ناردوە بۆ کۆشکی میری

هەمووانم تێگەیاندوون چەندە ژیری

گوتم پێیان کەرێکی بێ زەڕی تۆ

دەبا هەر خۆم بزانم بەدفەڕی تۆ

دەنا بێت و وەکوو ئێمەت بناسن

لە قوونت هەڵدەبەستن نیر و گاسن

بەڵان قەینا ئەوان تورکن ئەتۆ کورد

هەزاری وا لە بەرپێتا ملی ورد

بەهەر حاڵ مژدە بێ وا جوابی نامە

گەڕاوە و ئێستەکە روونە و لەلامە

رەجەب گفتی بە من دا راسپێرێ

تفاق و کا و جۆشت بۆ بنێرێ

کە سەرکۆمار ئیتر ئاگای لە تۆ بێ

چ خێرە ئاخوڕت بێ کا و جۆ بێ

بە فەتحوڵاش دەڵێم پیاوی خودایە

بسڵمانە و لە رێگەی چاکەدایە

لە خێرات و زەکاتی ساڵی دادێ

لە بۆت بکڕن نەقیزەی گوند و لادێ

بەڵێنی دا سەلاحەدین دەمیرتاش

لەگەڵ سێ چوار هەڤاڵی باشی ئەولاش

کە بێن دەمبێنی تازەت بۆ بهێنن

کە هاوخوێنی مەن و دوژمن تڕێنن

بەڵێنیان داوە پەینیش کۆ وەکەن بێن

لەگەڵ تێر و جل و کورتان و دەسبێن

گوتم بەرپێت پەین کەن ناگەمێ من

دەبێ بمبووری وا جۆت نادەمێ من

تەویلەت ئێستە بێژە چەندە تەڕ بێ

بەڵا دوور، گوێی هەموو شۆفارێ کەڕ بێ

مەترسە بانگەوازم کردووە بۆت

پەین زۆر دێ و هەموو تەرخانە بۆخۆت

دەبێ بەرپێی کەرم وشك و نەرم بێ

خودای گەورە وەفریای ماکەرم بێ

بە راستی حەیفە ئازارێ بچێژێ

کەری من حەیفە زووخاوێ پڕێژێ

کەری من چۆن دەبێ وا کاس و وڕ بێ

دڵی کەیلی خەم و کورتانی شڕ بێ

کەری من لاگری مافی مرۆیە

گەلێ چالاکە چیی بێژێ درۆیە

لە کەمپەینێش یەکەم کەس ئەو سەرۆکە

لە دەوری کۆڕی کەرگەل پەڕپەڕۆکە

دەبێ بێژن لە زێڕن ناڵ و باری

دەبێ راستی کەمەو کورتانی خواری

خەمی چیتە بە پێی ئەو بانگەوازە

ئەوە هەر دێ جل و کورتانی تازە

لە سایەی من کە هێندەم گەورە کردی

چەنێ وانەی مرۆم پێ دەورە کردی

ئەوەندەم ئاشنا و دۆس تێگەیاندن

کە تۆی تاقە کەری نێو راگەیاندن

ئیتر نەمگوت بەوان تاقانە بیژووی

نەچوومە ئەوبەشەی سەرشۆری مێژووی

ئیتر نەمگوت لەبەرچی وا زەڕیوی

لە "سۆرانێ" لەبەرچی دەرپەڕیوی

ئیتر فایلی کەرێتیم هەڵنەداوە

ئیتر نەمگوت لە ژین چیت پێ نەماوە

ئیتر نەمگوت هەموو دۆڕاوە ژینت

نەماوە هێز و تینی دەرپەڕینت

ئیتر نەمگوت لە سابڵاخ و لە گەرمێن

ئەوانەی ویستبوویان بۆ تۆ بژیێن

کە زانیان مێشکی پووچت چەندە تاقە

هەموو خستیانە مستت سێ تەڵاقە

بە کورتی گەردنت ئازا کەری خۆم

هەتا دەمرم وەباڵی تۆ بە ئەستۆم

## وتوویژی گون و قوز)

(1)

زۆری خۆ هەڵسوو لە سمت و گوڵمەکەی پاشی گونم
خۆزگە ڕۆژێ بە قەپاڵی قوز کەوێ قاشی گونم

هێندە ڕاواندم لە سۆێ سمت و گەڵی لووس و سپی
تاکوو میتکەی قیتی هات و بوو بە وێڵداشی گونم

بۆ ئەوەی بیکەم کونکێکی هەویری نەرمو نۆڵ
دەنکە گەنمی نێو گەڵت باوێژە بەر ئاشی گونم

من دەڵێم خرچەن کەچی خەڵکی دەڵێن هێلکەن بەڵام
کامە قوو ئەو جووتە هێلکەی کرد لە کاولاشی گونم

مرد ئەوەندەی فڕکە کرد و پرتی دا و هەڵبەزییەوە
خۆزگە بتناشتایە لەو نێو دۆڵەدا لاشی گونم

بۆ لەبەر یەک بردن و قۆڕ کردنی قوز ماهیرە
گەرچی شاگردێکی هەرزەی بەدفەڕە و ناشی گونم

خۆی لە هەر دۆڵ و دەراڵێ مات بکا کەروێشکی قوز
بێ ئەوەی مەودای بدا تێی ڕۆ دێ داڵاشی گونم
قوز لە بن خەرواری خۆڵدا دابچێنن، هێشتەکەش
زوو دەگووری، وای دەخووسێنم بە ئاوپاشی گونم
بۆنی قوز بێت و هەڵمبگری، دەڕۆم بێ دوودڵی
با سەریشم دابنێم، بەم تاش و بەو تاشی گونم

(2)

خۆزگە ئەو کاتەی کەوا شەش تیخە دەمتاشی قوزم
کەوتبا بەر هەڵمەتی ئەو سەرزلەت قاشی قوزم
تۆ بە گەنمێکی دەشوبهێنی بەڵام حاڵی بە لێم
من بە تۆن هاڕیومە کیر گون بە بەرداشی قوزم
دیمەنی گەرچی بە زاهیر پستە ئاسا چووکەیە
گەر ببزوێتن دەبا سەد گۆزە ئاو کاشیی قوزم

خۆزگە لەو دەشتانە کیر دەڕوا لە باتی گەنم وجۆ
ئەو دەمە دەتدی بە چاوی خۆت کڕوکاشی قوزم

ئەو دەمەی خونچەی کچێنیم مابوو سەرچۆپیم دەگرت
کیر سەر و گیانی دەدا یەکسەر لە شاباشی قوزم

کیر لە سەرچۆپی هەتا گاوانی پاکی ڕەق دەبوون
ئەو دەمەی لێکم دەسوو دوو پەلکە خەشخاشی قوزم

هێندە تامەزرۆ بوو بۆ گوڵ هەنگی کیرت، تا دەمی ـ
گەییە لێوی، مرد ئەگەرچی چوو بە هاناشی قوزم

چەندە خۆش بوو ئەو دەمەی لێوی تەڕی دەکرانەوە
سەلکە سوورت هاتبا ببووا بە وێڵداشی قوزم
دوێکە هاتی لێخەیێکت کرد گونت ڕووشا، گوتم:
پێت بگوتبام دێی بە وێنەی هێلکە دەمتاشی قوزم.

**شیعری نیما بۆکانی**

به ناوی خۆتەوە سڵاوێك

کا سەڵاحی ئەحمەقی خۆت بێژە دوژمن کامەیە

کێیە هۆی ئەو بارو دۆخە قۆڕ و نائارامەیە

نامەکەت هات و پڕی بێ حورمەتی بوو گوێ گرە

بێ شعوورە ئەو کەسەی دڵ خۆش دەکا بەو نامەیە

هێرشت کردوەتە سەر تێکۆشەرانی حیزب و گەل

شێوە پەیقینت وەکوو بومەسعەب و ئۆسامەیە

کلکە سووتەت لێ جوانە حیزی ماستاوچیی گەواد

چۆنە زانیوتە خەتی خوار لێرە فیتی کامەیە؟

لێرە پێشمەرگە هەموو دەتناسن و سڵاویان هەیە

کیری بێ گانیان لە سەر لاسمتت داشی دامەیە

پیر و پاتاڵ نین ئەوانەی تۆ وەهایان ناو دەبەی

قوونی تۆ بۆ کیری ئەو پیرانە وەك دێوجامەیە

خۆ بە قەت پیت و وشەی رۆمانەکەی یاشار کەماڵ

تۆی بە شەو گا، ئەو مەلای خاوەن کتێب و خامەیە

ژانی جێ  کیری مەلا نەشکاوە ئازارت دەدا

نامەکەت سەلمێنەری ئەو ئێش و ژان و زامەیە

کا حوسێن دیارە گەلێکی گاوە قوونی ناسکت

ئێستە پیر بووی خۆی لەبەر ناگری بە کۆیە دامەیە

رەستگار بتگێ وەکوو نێنگوونی بیژۆك کووڕ دەبی

دیارە دەیناسی مەلای لاییك و بێ عەممامەیە

گەر لە واقیعدا ئەشێ با لێت بەرێ بابا عەلی

قوونی بۆ رووت کە و لەسەر خۆ فرێدە ئەو بیجامەیە

کیری گادانی وەکوو ئامووره بۆت ئامادەیە

من دەزانم تۆی چڵێس کەیفت لە کیری مامەیە

چۆك دەبێ دادەی لەبەر گورزی فەتاحی کاویان

ئەورووپایی لێت دەبا خاوەن پلەو بەرنامەیە

کرمی قوونت نامرێ بێ کیری سمایل بازیار

بیدەیە گانێ لە دوژمن گان گەلێ کارامەیە

کیری تامەزرۆ بە گانی من وە قوونی تۆ کەوێ

ناوی پیاوانەت ئەگۆڕی و ئەیژی ناوم ئامەیە

کەس لە کوردستان نەماوە تۆی نەگابێ هەر بژی

دەفتەری ژینت بە شانازی قورومساخ نامەیە

ئەو کەسەی هاوبیرتە شانازی بە نووسراوەت دەکا

گاندەر و سەر شۆڕ و حیز و زۆڵ و بێ ناسنامەیە

دەستی من ناگاتە قوونی نەرم و لووسی کا سەلاح

خۆ دەنا کیرم دژی ئەو تاقمە کاڵ فامەیە

کیری پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە بێ گانن سەلاح

زوو وەرە با دابمرکێ ئەو هەڵڵا و هەنگامەیە

مامۆستا بیبار کۆیە هاوینی 85

کوز

کوز ئەگەر گەرم و گوڕ و پڕ بێ لە ئاو

تین و گەرمایێ بگێڕێتە هەناو

کوز  ئەگەر نەرم و خڕ و جوان بێ لەبار

تەڕ و ناسك بێ وەکو کوارگی بەهار

کوز  ئەگەر دەوری نە پۆشرابێ بە موو

وەك نوقڵ بیخەیە ناو زارت هەموو

سنەیی یانە سلێمانی بێ

هەرچی سامانە بە قوربانی بێ

کوز هەتا ماچی حەرام بێ بە دەمم

تا وەها خۆش و بەتام بێ بە دەمم

کوزی بێگانە بێ یان خزم و کەسم

کچە پوور یا کچە مامم بێ بە دەمم

ناسك و تورت و بەبێ چرچ و لۆچ

هی کچی شلکە نەمام بێ بە دەمم

کوزی کیژێکی سڵۆك وەك ئاسك

تا لەبەر ئەو گونە رام بێ بە دەمم

کوزە ناسکێکی دەمی قووچابێ

چاوەڕێی گون بە وەڵام بێ بە دەمم

جا مەهابادی وەیا بۆکانی

فەرقی چیە خۆشە لەلام بێ بەدەمم

کوز ئەگەر دەوری بە خاڵ بێ بە گونم

چ حەرام یا نەحـــــەڵاڵ بێ بە گونم

هێندە تاریك و تەسك بێ کە بە حاڵ

لێی بچێ و چێژی بەحاڵ بێ بەگونم

هی مەلازادە بێ زۆر کەیفی هەیە

نوێژ و دەستنوێژی بەتاڵ بێ بەگونم

کوز لە هەر جێیەکی ئەم شارە هەبێ

تا وزەم گشتی بەتاڵ بێ بە گونم

خۆشە بۆ یەك خولەك و ساتێ نەبێ

رۆژ و مانگی چی بەساڵ بێ بە گونم

من وەکوو تاژی بە شوێنی دەکەوم

ئەو هەڵێ یانە تەماڵ بێ بە گونم

شەقڵی نەشکابێ گەلێ خۆشترە کوز

هەرنەبێماینی بەفاڵ بێ بەگونم

هەجوەکانی من و حەسەن دانشفەر

دوو مانگ بوو لە رۆژنامەی هەولێر مووچەیان نەدابوومێ،

بۆیە حەسەن دانشفەرم ئاگادار کردەوە کە نێوبژیوانییەك

بکات. ئاخر زۆری رێز دەگرن و قسەی دەڕوا. ئەمن بۆیم

نووسی و ئەویش وەڵامی دامەوە:

من:
